# دەفتەری خەرجییەکانی رۆژانەی میر جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩٣٤/٨/١٩ - ١٩٤١/١١/١٢، بۆ گۆڤاری هاوار

ئامادەکردن و رێکخستنی: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

بۆ یەکەمین جار لەرێگای شازادە سینەم جەلادەت بەدرخان دەفتەری خەرجییەکانی دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە ژمارە (٢٧-٣٥)، لە دووتوێی دەفتەرێکدا، کە هەرچی خەرجییەکانی تێچوونی دەرچواندنی گۆڤاری هاوار، کە میر جەلادەت بەدرخان خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە، لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٤٣، ٥٧ ژمارەی لێ دەرچووە*، لە چاپخانەکانی (تەرەقی) و (المچحک المبکی و سەباتی) لە شام چاپکراوە هەر چەندە کورانی بەدرخان، پێشووتر رۆژنامەی «کوردستان»ی دایکیان لە قاهیرە لە ١٨٩٨/٤/٢٢، لە چاپخانەی (دار الهلال)، لەسەر دەستی جووتە برا (میقداد بەدرخان** و عەبدولڕەحمان بەدرخان***) دەرچووە و لە ١٩٠٨-١٩٠٩ لە ئەستەمبوڵ و لە ١٩١٧-١٩١٨ جارێکی دیکە لە قاهیرە لە لایەن (سوورەیا بەدرخان) دەرکردووە.
بنەماڵەی بەدرخانیانییەکان یەکێکە لەو بنەماڵانەی کوردستان، کە هەموو توانای خۆیان بۆ رزگارکردنی گەل و ولات تەرخانکردووە. ئەوەی بەدرخانیانییەکان لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە، فرە چەشنی خەباتە، واتە بەپێی قۆناغ و بارودۆخی سەردەم، بنەماڵەی بەدرخانیان خەباتیان کردووە، کاتی خەباتی چەکداری پێویست بووە، چەک لە شان بوون و لە ریزی پێشەوەی بەرگری لە کوردستاندا بوون. لە بواری خەباتی سیاسیشدا، دیسان ئەوان رۆڵ و ئەرکی خۆیان بە لێهاتوویی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵ و رێکخراوەکانی کوردیدا بینیووەو لەم مەیدانەشدا پێشەنگ بوون. خۆ ئەگەر خەباتی رۆشنبیری و هزری پێویست بووبێ بۆ خەڵکی کوردستان، بێگومان رۆڵەکانی بنەماڵەکە رۆڵێکی گەورەیان تێدا بینیووە، چ لە دامەزراندنی قوتابخانە چ لە رێکخراوە زانستییەکاندا.
لە هەموویان ئاشکراتر رۆڵی ئەم بنەماڵەیەیە لە کاروانی رۆژنامەگەریی کوردیدا. خەبات و کاری رۆژنامەگەریی بەدرخانیان بە رێککەوت نەبووە، یان گرێدای تاکە کەسێک بێت، بەڵکو ئەنجامی بیروباوەڕێکی بەتین و وەک پێویستییەتی ئەو سەردەمە، بۆ ئەو جۆرە خەباتە. هەر لەبەرئەوە دەبینین رۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیە چەندین رۆژنامەو گۆڤاریان لە شوێنە جیاجیاکاندا بڵاوکردەوە. هەروەها دەبینین ئەو کارو خەباتە گرێدای تەنیا تاکە کەسێک نییە لەم بنەماڵەیەدا، بەڵکو وەکو قوتابخانەیەک، نەوە دوای نەوە لێی دەردەچن و پاشان دەبنە مامۆستایانی ئەم بوارەو بە زانین و شارەزایی خۆیان بناغەو بنەمای بەهێز بۆ ئەم هونەرە دادەنێن.
ئەگەر بە وردیش خوێندنەوەیەک بۆ ئەو چەند لاپەڕەیە بکەین، دەبینین زۆر راستگۆیانە و لەخۆبوردووانە جەلادەت بەدرخان هەر چی خەرجی گۆڤارەکەیە، لە دووتوێی ئەم پەڕاوەدا یادداشتی کردووە، خەرجییەکانیش تایبەتن بە مانگەکانی نیسان و مایس و حوزەیران و تەمموز و ئاب و ئەیلوول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤١، واتە (٧٠) ساڵ بەر لە ئێستا، هەموو ئەو خەرجییانەی کە بۆ دەرچواندنی گۆڤاری هاوار کردوویەتی بە دراوی ئەوکاتی دەوڵەتی سووریا «لیرەی سووری» بووە و تۆمارکردووە و کۆی گشتی خەرجییەکانیش تەنیا بۆ ٨ مانگ، دەکاتە (٦١٧،١٨) شەست سەد و هەڤدە لیرە و هەژدە قورشی سووری.

بە باشی دەزانین بۆ خوێنەرانی «رۆژنامەنووس»، کورتەیەک سەبارەت بە بەدرخانییەکان و رۆڵیان لە بزاڤی رۆژنامەنووسی و چۆنیەتی دەرکردنی گۆڤاری «هاوار» و بیبلۆگرافیای سەرجەم ژمارەکانی، کە دەقاودەق لە کتێبی «رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکانلە رۆژنامەگەریی کوردیدا» کە لە نووسینی «عەبدولسەمەد ئیسلام دۆسکی» وەربگرین.

**دەفتەری خەرجییەکانی میر جەلادەت بەدرخان**

**تەواوی خەرجییەکان لەهەر مانگێکدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

**مانگی نیسان، ژمارەکانی (٢٥ و ٢٦) لە ١٩٣٤/٨/١٩- ١٩٣٥/٨/١٨**

تەئمینات- ١٠٠ لیرە
خاوەنی چاپخانە- ٥ لیرە
گۆڕینی حەرف- ١،٤٥ لیرە
خاوەنی چاپخانە- ٤ لیرە
مێز- ٦،٢٠ لیرە
١٢٦ کیلۆ کاغەز- ٩٧ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
کاغەزی چەرم- ١٤ لیرە
کاغەزی پووش- ٧،٢٠ لیرە
کاغەزی سپی- ٢،٥٠ لیرە
١٢٦ کیلۆ کاغەز- ٩٧ لیرە
حەماڵی- ٠،٣٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە

**سەرجەمی خەرجییەکان ٣٥٢،٢٠ لیرە**

*** تێبینی دیارە ئەمە خەرجی ژمارەکانی ٢٥ و ٢٦ی گۆڤاری هاوارە، رۆژی یەکشەممە کە لە ١٩٣٤/٨/١٩ و ١٩٣٥/٨/١٨ دەرچووە. سەبارەت بە سوبحیش، کە ناوی هاتووە، ئەو کارمەندەیە کە بەردەستی کردووە لە نووسینگەی هاوار لای جەلادەت بەدرخان، لە بەرامبەر کارەکەیدا پاداشت کراوە.**

**مانگی گوڵان، ژمارە (٢٧) لە ١٩٤١/٤/١٥ یەکشەممە**

سوبحی- ٥ لیرە
پولی پۆستە- ١ لیرە
کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٧ی هاوار- ٦ لیرە
چاپ- ٢ لیرە
پوولی پۆستە- ١ لیرە
سوبحی- ٤ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٨- ٦ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکان ٣٨ لیرە

خەرجییەکانی هەردوو مانگ ٣٨+ ٣٥٢،٢٠= ٣٩٠،٢٠ لیرەی سووریە، کە دەکاتە ژمارە (٢٧)لە ١٩٤١/٢/٥ رۆژی یەکشەممە، دیارە لە نێوان ژمارەکانی (٢٦ و ٢٧) جیاوازی چاپکردنی نێوانیان پێنج ساڵ و چوار مانگ و سێ رۆژە واتە لە ١٩٣٥/٩/١٨ ژمارە (٢٦) دەرچووە و ژمارە (٢٧)یش لە ١٩٤١/٤/٥ دەرچووە.

**مانگی حوزەیران، ژمارەکانی (٢٨ و ٢٩)ی گۆڤاری هاوار لە ١٥ گوڵانی ١٩٤١ سێشەممە- ١٥حوزەیرانی ١٩٤١ سێشەممە**

سوبحی- ٥ لیرە
محەمەد- ٠،٥٠ لیرە
هەقی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٩- ٦ لیرە
کاغەزی سپی- ٣،٢٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
محەمەد- ٠،٨٠ لیرە



سەرجەمی خەرجییەکان ٣٢،٥٥ لیرە

خەرجییەکانی هەرسێ مانگ ٣٢،٥٥+ ٢٩٠،٢٠= ٤٢٢،٢٥ لیرەی سووری، بۆیە خەرجی هەردوو (٢٨ و ٢٩)ی گۆڤاری هاوار لە رۆژی پێنجشەممە ١٩٤١/٥/١٥ تا رۆژی سێشەممە ١٩٤١/٦/١٥، دەرچووە.

**مانگی تەمموز، ژمارە (٣٠)ی لە ١ی تەمموزی ١٩٤١**

چاپکردنی ژمارە ٣٠- ٦ لیرە
کرێی هۆدە- ٧ لیرە
محەمەد- ١،٨٠ لیرە

**سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تەمموز ١٤،٨٠ لیرە.**

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر چوار مانگ ١٤،٨٠+٤٢٣،٢٥= ٤٣٨،٠٥ بە لیرەی سووری، ئەم ژمارەیەش واتە دەرچوونی گۆڤاری هاوار، ژمارە (٣٠) لە ١٩٤١/٧/١ دەرچووە لە چاپخانەی سەباتی لە شام چاپکراوە.

**مانگی ئاب، ژمارە (٣١)ی لە ١٩٤١/٨/١**

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣١- ٦ لیرە
سەلاح- ١٠ لیرە
کاغەزی چەرم- ١٦ لیرە
٧٧ کیلۆ کاغەز- ٥٤،٣٠ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی ئاب- ٩٦،٣٠

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر پێنج مانگ ٩٦،٣٠+ ٤٣٨،٠٥= ٥٣٤،٣٥ لیرەی سووری، واتە ژمارە (٣١)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/٨/١ دەرچووە لە چاپخانەی دسباتی لە شام چاپکراوە.

**مانگی ئەیلوول، ژمارە (٣٢)ی لە ١٩٤١/٩/١**

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٢- ٦ لیرە
سەلاح- ٣ لیرە
سەلاح- ٥ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٣- ٦ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی ئەیلوول ٣٠ لیرەی سووری.

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر شەش مانگ ٣٠+ ٥٣٤،٣٥= ٥٦٤،٣٥ بە لیرەی سووری، واتە (٣٢)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١٢/٩/١٠ لە چاپخانەی سەباتی لە شام دەرچووە.

**مانگی تشرینی یەکەم، ژمارەکانی (٣٣ و ٣٤) لە ١٩٤١/١٠/١ و ١٩٤١/١١/١**

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٣ و ٣٤- ٦ لیرە
سەلاح- ٥ لیرە
سەلاح- ٦ لیرە
سەلاح- ٦ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٤ و ٣٤- ٥ لیرە
پوولی پۆستە- ٠،٧٨ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە.
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تشرینی



یەکەم ٣٢،٧٨ لیرە

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر حەوت مانگ ٣٢،٧٨+ ٥٦٤،٣٥= ٥٩٧،١٣ لیرەی سووری، واتە چاپکردنی هەردوو ژمارەی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/١٠/١، لە چاپخانەی سەباتی لە شام چاپکراوە.

**مانگی تشرینی دووەم، ژمارە (٣٥) لە ١٩٤١/١١/١٢**

محەمەد – ١ لیرە.
سەلاح – ٣ لیرە.
کرێی هۆدە- ٧ لیرە.
چاپکردنی ژمارە ٣٥- ٦ لیرە.
کاغەز- ٢،٧٥ لیرە.
بەن- ٠،٣٠ قروش.

**سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تشرینی دووەم ٢٠،٠٥ لیرەی سووری.**

**سەرجەمی خەرجییەکانی هەر هەشت مانگەکە: ٢٠،٠٥+ ٥٩٧،١٣= ٦١٧،١٨ لیرەی سووری.**

سوبحی و سالح و محەمەد) سێ کارمەندن لە گۆڤاری هاوار کاریان کردووە و پاداشتیان وەرگرتووە، واتە چاپکردنی ژمارە (٣٥)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/١١/١٢ دەرچووە و بە بەراورد لەگەڵ ژمارە (٣٤)، دوای (١١) رۆژ دەرچووە.

**ئەنجام:**

**ئەگەر بە وردی سەیری دەفتەری خەرجییەکانی میری رۆژنامەنووسان جەلادەت بەدرخان بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ناوبراو خەرجییەکانی رۆژانەی دەرچوونی گۆڤاری هاواری تۆمارکردووە و ئەو قەلەندەرخانەیەی کە بەکرێی گرتووە و نووسیووەیەتی کرێی هۆدە تەنیا ٧ لیرەی سووری بووە، جگە لە خەرجی چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤاری هاوار، کە لە ژمارە «٢٥»ەوە تاکو ژمارە «٣٥» نووسیوویەتی و لە مانگی نیسانی «١٩٤١»ەوە تۆمار کراوە تا کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٤١، کە دەکاتە ٦١٧،١٨ شەست سەد و هەڤدە لیرە و هەژدە قورشی سووری.**

**کورتەیەک لە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان:**

میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی بەدرخان بەگی میری بۆتانە، لە ٢٦ی نیسانی ١٨٩٣ لە ئەستەنبوڵ لە دایکبووە. لە قوتابخانەکانی ئەستەنبوڵ و ئەدرنەو قونیەو ئەنقەرەو عەکاو نابلس و سالونیکی یۆنانی قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی خوێندووە، پاشان چووەتە کۆلیجی جەنگ و بە پلەی ئەفسەر دەرچووە. یەکەم وتاری لە ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩١٧ وەکو ئەفسەر بەشداریی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا کردووە. ساڵی ١٩١٩ پێش مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکاندا، لەگەڵ براکەی کامیران بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشا و مێجەر نۆئێل گەشتێکی بە کوردستاندا کردووە بۆ زانینی داواو بۆچوونەکانی گەلی کورد، لەم گەشتەدا بیری دانانی ئەلف و بێیەکی لاتینی لەلا دروست بووە.
ساڵی ١٩٢٢ ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بوو کە تورکیا بە تەمابوو لەناویان ببات، ئیدی ناچار بوو بچێتە ئەڵمانیا بۆ خوێندن. ساڵی ١٩٢٥ پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە کرد، کە شۆڕش نسکۆی هێنا، گەڕایەوە ئەڵمانیاو بڕوانامەی لیسانسی لە (حقوق) ماف وەرگرت. باوکی لە میسر بوو، کە زانی باوکی نەخۆشە چووە میسر بۆ سەردانی و دوای مەرگی باوکی چووە بەیروت بۆ ماڵی خەلیل رامی بەدرخانی مامی.
ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد، کۆمەڵەی (خۆیبوون)ی دامەزراند، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی ئاگری کردو دوای شکستی شۆڕش چووە سوریا.
لە ١٩٣٢/٥/١٥ یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری لە شاری دیمەشق بڵاوکردەوەو ساڵی ١٩٣٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناو خانم رەوشەن بەدرخانی (١٩٠٩ – ١٩٩٢) مارەکرد. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەی پیشەسازی لە دیمەشق، ساڵی ١٩٣٩ بوو بە پارێزەری کۆمپانیای ریچی فەرەنسی.
لە ١٩٤٢/٤/١ یەکەم ژمارەی گۆڤاری رۆناهی بڵاوکردەوە. چەندین زمانی زانیووە، جگە لە کوردی، زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئەڵمانی و فەرەنسی زانیووە. بەرهەمەکانی بە چەندین ناوی خوازراو بڵاکردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٥٠)وە خەریکی کشتوکاڵ بوو، لە گوندی هێجان کە چەند کیلۆمەترێک لە شاری دیمەشق دوورە. لە رۆژی ١٩٥١/٧/١٥ بە هۆی هەڵوەشانەوەی بیری ئاو، کەوتە ناو قوڕو ئاوی بیرەکەو گیانی لە دەستدا و کۆچی دوایی کرد. جەلادەت بەدرخان چەندین بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە.
گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣:
بنەماڵەی بەدرخانیان بە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی ناسراون، خەباتەکەیان شێوەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، لەوانە چەکداری، سیاسی، رۆشنبیری و دبلۆماسی و ....هتد. بەدرخانیانییەکان لەو هەموو بوارەنەدا نەک تەنیا رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاویان هەبووە، بەڵکو لە زۆربەی جاران دەستپێشخەر و لە ریزی پێشەوەی خەباتەکە بوون.
دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا و بەکارهێنانی سیاسەتی شۆڤێنیزمی و دڕندەترین شێوەی زۆرداری لەو سەردەمەدا دژی گەلی کورد، بەدرخانییەکان بۆ رێگاگرتن و بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتە بێ لایەن و بێ دەنگ نەوەستان، بەڵکو بە چەندین چەشنە خەباتی جیاواز بەرەنگاری بوونەتەوە، لە لایەکەوە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئارارات کرد، لەلایەکی دیکەوە خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بوون. لەگەڵ ئەوەشدا مەیدانی خەباتی رۆشنبیرییان چۆڵ نەکرد. بەدرخانیان بەپێی بارودۆخ خەباتیان دەکرد، ئەگەر کەش و باری وڵات ئارام با ئەوان خەباتی سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیرییان دەکرد. ئەگەر لە نیشتمان ئاوارەو دەربەدەر کرابان ئەوان زیاتر گرنگییان بە خەباتی رۆشنبیری و دبلۆماسی دەدا. هەروەکو ئاشکرایە، دوای ئەوەی شۆڕشی شێخ

